# وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لای منداڵی کورد

**کارزان خدر اسماعیل**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** karzankhdir2@gmail.com

**شیروان حسێن حمد**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** sherwan983@uor.edu.krd

**پوختە:**
فۆنۆلۆژیی سروشتی و تیۆرەکەی ڕۆمان یاکۆبسن، لە وەرگرتنی دەنگەکانی زماندا گرنگی تایبەتی خۆیانیان هەیە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەژێر ناونیشانی (وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لای منداڵی کورد) هەوڵدەدەین بە پشتبەستن بە بۆچونی هەردو تیۆرەکەی سەرەوە، ڕۆشنایی بخەینەسەر وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکانی زمانەکەمان لە تەمەنی (٢:١ – ٦:٥)ساڵی. هەروەها لێکۆڵینەوەکەمان ئاماژە بەو لێکۆڵینەوە و میتۆدانە دەکات، کە لە وەرگرتنی دەنگەکانی زماندا بەکاردێن.
گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، تا بزانین، کە منداڵی کورد لە چ کاتێکدا بە هەمو دەنگە کۆنسۆنانتەکان دەگات. یان ئەو دەنگانە کامانەن، کە لای منداڵی کورد زۆر قورسن و درەنگ وەریاندەگرێت، ئایا جیاوازیی ڕەگەزیی لە وەرگرتنی دەنگەکاندا ڕەنگدەداتەوە؟ هەوڵی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سەرباری ئەم ئامانجانەی سەرەوە، هەوڵێکیشە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەمخۆرانی زمانەکەمان، تا لایەک لە دنیای زمانی، بە تایبەت فۆنۆلۆژیی، منداڵ بکەنەوە، تا لەوێوە گیروگرفتەکانی گوتن، چارەسەری نەخۆشییەکانی گوتن، باشتر و خێراتر دیاریبکرێن.

**کلیلە وشەکان:** فۆنۆلۆژیی سروشتی، دەنگە نیشانەکراو و نیشانەنەکراوەکان، وەرگرتنی کۆنسۆنانتەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان و وەرگرتنی زمان، یان لێکۆڵینەوەی لە گەشـــەی فۆنۆلۆژیی منداڵ بابەتێکە، ئەمڕۆ لە دنیای زانســـتی زماندا زۆر ڕۆشـــنایی دەخرێتەســـەر و باســـی لێوەدەکرێت. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت، لەژێر ناونیشـــانی (وەرگرتنی دەنگە کۆنســـۆنانتەکان لای منداڵی کورد) بەپێی بیرۆکەی ئاســـانی و گرانی دەنگەکان لە (تیۆری فۆنۆلۆژیی ســـروشـــتی Natural Phonology) و بیرۆکەی دەنگە (نیشـــانەکراو Marked و نیشـــانەنەکراو Unmarked)ەکان لە تیۆرەکەی (ڕۆمان یاکۆبســـن)دا، ڕۆشـــنایی بخەینە ســـەر وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکانی زمانەکەمان. دواتر بەپێی جێکەوتەی سەرەتا Initial Position و جێکەوتەی کۆتا Final Positionی دەنگەکان لە وشـــەکاندا، بەپێی یەکێک لە میتۆدەکانی ئەم بوارە بڕیار لە وەرگرتنیان دەدەین.

ئەم توێژینەوەیە لەبەردەم چوار پرســـیاردا خۆی دەبینێتەوە و توێژەر هەوڵدەدات وەڵامیان بداتەوە، وەک: ئایا منداڵانی کوردیش وەک منداڵانی تر لە وەرگرتنی دەنگە کۆنســـۆنانتەکاندا بە هەمان قۆناغ و جۆری وەرگرتنی دەنگەکاندا تێدەپەڕن؟ ئایا زمانەکەمان پەیڕەوی لە بیرۆکەی یاساکانی ڕۆمان یاکۆبسن دەکات؟ ئایا ڕەگەز کاریگەریی لەســـەر زو وەرگرتنی دەنگەکان هەیە؟ ئایا بە گشـــتی منداڵی کورد لە چ کات و تەمەنێکدا هەمو دەنگە کۆنســـۆنانتەکان وەردەگرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارانە ئێمە (١٨) منداڵی گەشـــە ئاســـاییمان هەڵبژاردوە و داتاکانمان لێوەرگرتون، منداڵەکانیش لە (٦ مانگی – ٦؛٥ – ٥ کچ و ١٣ کوڕ) بەپێی (مانگ و ســـاڵ) ڕیزدەبن. داتاکانمان لە ئەنجامی یەک دانیشـــتنی (١٥ – ٣٠) خولەک لە ماڵی منداڵەکان لە ڕێگەی هەڵســـەنگاندنی (پیشـــاندانی وێنە و هەندێک گفتوگۆکردن، لاســـاییکردنەوە) بەدەســـت هاتون، هەمو داتاکان بە ئامێری مۆبایل و ئامێری تایبەت تۆمارکراون. هەروەها داتاکانمان لە ڕێگەی (٤ مامۆســـتا)وە دوبارە لە پێناو دڵنیابون لە ڕاستی و دروستی داتاکانمان چاوپێداخشاندنەوەیان بۆکراوە.

ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی وەسفی- شیکارییە و توێژینەوەکەش لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا، بە کورتی باس لە هەندێ گرفت و میتۆدی وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان دەکەین، هەروەها بە کورتیش بیرۆکەی ئاسانی و گرانی دەنگەکان بەپێی هەردو تیۆری سەرەوە باسدەکات. لەبەشی دوەمیشدا پێداچونەوەیەکی کورت بەســـەر ئەو لێکۆڵینەوە بەنرخانە دەکات، کە لە وەرگرتن و چۆنیەتی بڕیاردان لە وەرگرتنی دەنگەکان بنیاتنراون. دواتر باسمان لە وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکانی زمانەکەمان لە تەمەنی (٢؛١ – ٦؛٥) کردوە و هەمو دەنگەکانمان شیکردۆتەوە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان ئاماژە پێداون. هەروەها لیستی پاشکۆکان لە دوای لیستی سەرچاوەکانمان ئاماژە پێداوە.

## بەشی یەکەم: هەندێک گرفت و میتۆدی وەرگرتنی کۆنسۆنانتەکان و بیرۆکەی ئاسانی و گرانی دەنگەکان:

### ١-١: هەندێک گرفتی وەرگرتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان:

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا کۆمەڵێک گرفتمان هاتەپێش، بە پێویســـتی دەزانین بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

١ – ئێمە هەوڵماندا‌وە، ئەو منداڵانە هەڵبژێرین، کە خاوەن یەک زمانن و دورن لە زمانی دوەم، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئەمڕۆی کوردســـتاندا تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت، بە فراوانییەکی بێســـنور لە هەمو ماڵێکدا هەیە، لەوێوە لەبەرئەوەی (ئەفلام کارتۆن و یارییە ئەلیکترۆنییەکان زۆرن)، ئەمە بە جۆرێک لە جۆرەکان، کاری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بۆیە ئەو دەنگانەی لەم ناوچەیەدا جۆرێک لە تێکەڵی تێیاندا دەبینرێن، یان وەک پرۆسەیەکی ڕێپێدراو و دانەمرکاو لە زمانی پێگەیشتوانیشدا دەبیسترێن، ئێمە وەک هەڵە هەژمارمان نەکردون[٣]!

ئەمانە و چەندان کێشەی تر، هەڵسەنگێنەری کورد ڕوبەڕویان دەبێتەوە، بۆیە پێویست دەکات لێکۆڵینەوەی زیاتر و درێژتر لەم بوارەدا بکرێت.

### ١–٢: میتۆدی داتا وەرگرتنەکان

ئێمە لەگەڵ منداڵە (١؛٢–٧؛٣) ساڵەکان لە ڕێگەی هەندێک وێنە و یاریی و کەلوپەلەکانی بەردەستمان هەوڵمانداوە، زۆرترین داتا وەربگرین، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لەو کاتەدا منداڵەکە هەر دەربڕاوێکیشی دەربڕیبێت، وەرمانگرتوە و دواتر دەنگەکانمان بەپێی جێگەوتەکان دیارییکردوە. ئەو دەنگانەشی پێیان نەگەیشتین، ئێمە لە خانەی خشتەکەماندا بە (بەتاڵ)ی جێیدەهێڵین[٤]. بۆ منداڵانی سەروتر میتۆدی وێنەمان بەکارهێناوە و هەندێکجار هەوڵدراوە لە ڕێگەی لاسااییکردنەوە (واتە وشەیەک بگوترێت و دواتر منداڵەکە بیڵێتەوە) داتا وەربگرین. Templin باوەڕی وایە ((لە هەڵسەنگاندنی دەنگدروستکردندا هیچ جیاوازییەک نییە، کاتێک دەنگێک بە وشەیەکی لەخۆوەی دەربڕاو تێست بکرێت یان لە وشەیەکدا، کە منداڵەکە لە دوای هەڵسەنگێنەر بیڵێتەوە.)) (Templin, 1947, 300)

واتە لە (٣؛١١ – ٥؛٦) ئێمە میتۆدی وێنەمان بەکارهێناوە، هەندێک جار لای سێ منداڵی ئەم گروپە (٣؛١١، ٣؛٤، ٦؛٤)، داتامان لەو ڕستانەش وەرگرتوە، کە منداڵەکان وتویانە. لە (٩٤) وێنەدا، هەر (٣٠) کۆنسۆنانتەکەی زمانی کوردیمان لە هەرسێ جێگەوتەی وشەکاندا، منداڵەکانمان پێ هەڵسەنگاندون. هەرکاتێکیش منداڵێک لە کاتی پیشاندانی وێنەکە، وشەکە یان وێنەکەی نەزانیبێت، ئێمە هەندێک ڕونکردنەوەمان پێداوە، بە ئامانجی ئەوەی وشەکەی بێتەوە یاد، هەر کە منداڵەکە پاش پێشکەشکردنی هاوکارییش وشەکەی نەگوتبێت، ئێمە وێنەکەمان لاداوە و وازمان لەو دەنگە هێناوە.

دانیشتنەکان بە گشتی لە نێوان (١٥ – ٣٠) خولەکدا بوە، هەوڵمانداوە بە کورترین ماوە داتاکەمان وەربگرین، ڕۆژێک لە ماڵی ئەو منداڵە لەگەڵ (یەکێک لە ئەندامانی منداڵەکە) داتاکانمان وەرگرتوە. داتاکانمان بە ئامێرەکانی مۆبایل و ئامێری ریکۆردکردنی دەنگ، ریکۆردکردوە، پاش هەڵسەنگاندنی دەنگەکان و بڕیاردان لە ڕاستی و دروستی دەنگەکە، پاشان لە ڕێگەی چوار مامۆستاوە، دوبارە داتا و دەنگەکانمان لە جێگەوتەکاندا چاوپێداخشاندۆتەوە. ئێمە لەبەرئەوەی یەک منداڵمان لەهەر تەمەنێکی دیاریکراو وەرگرتوە، بۆیە پێمان باش بو، منداڵەکان دابەش بکەینە سەر سێ گروپ و دواتر وەک گروپ بڕیار لەسەر هەبون و نەبونی دەنگەکان لە تەمەنی ئەو گروپە بە گشتی بدەین:

| گروپەکان | تەمەن/ مانگ | بەشداربو | ناوەند | SD* |
|---|---|---|---|---|
| گروپی یەکەم | ٢٥ – ٤٣ | (٤ کوڕ و ١ کچ) | ٣٣ | ٧ |
| گروپی دوەم | ٤٧– ٥٧ | (٤ کوڕ و ١ کچ) | ٥٢ | ٣.٨ |
| گروپی سێیەم | ٦١ – ٧٧ | (٢ کچ و ٣ کوڕ) | ٦٨ | ٦.٣ |

خشتەی ژمارە (٥): ژمارەی بەشداربوان و تەمەن و ڕەگەزیان.

*Standard deviation

جێگەی باسە، دو لە بەشداربوانی ئەم خشتەیە بە درێژایی (٤) و (٥) ساڵی تەمەنییان چاودێری گەشە و گۆڕانی فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکی زمانیان کراوە، بۆیە لە ئەنجامی چەندان دانیشتن، داتایەکی یەکجار زۆرمان کەوتە بەردەست، بەڵام ئێمە نمونەی دو دانیشتنمان لە تەمەنی (٣؛٤، ٩؛٤) ساڵییدا لەم لێکۆڵینەوەیەدا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

| ٦؛٥ کچ | | ٦؛٠ | | ٥؛٧ | | ٥؛٤ کچ | | ٥؛١ | | ٤؛٩ | | ٤؛٧ | | ٤؛٦ | | ٤؛٣ | | ٣؛١١ کچ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | دەنگ |
| ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ١٢ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ١٤ | b- |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ٥ | - b - |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | | | -b |
| ١٠٠ | ١٠ | ٩٠ | ١٠ | ٩٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١١ | ١٠٠ | ٨ | p- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | -p- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | | | -p |
| ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٦ | t- |
| ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ١٤ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ٨٥ | ١٤ | ١٠٠ | ١٣ | -t- |
| ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٥ | -t |
| ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٤ | ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ١٢ | ١٠٠ | ١٥ | d- |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٧ | -d- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | -d |
| ١٠٠ | ٩ | ٨٨ | ٩ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ١١ | ١٠٠ | ٩ | ٨٨ | ٩ | ١٠٠ | ١٧ | ١٠٠ | ١٠ | k- |
| ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ١٢ | ١٠٠ | ١٢ | -k- |
| ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ١٢ | -k |
| ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٧ | g- |
| ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ٨ | -g- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | -g |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١٤ | ١٠٠ | ٧ | q- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | -q- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | -q |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١١ | ١٠٠ | ٤ | ʔ- |
| ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٦ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٤ | ١٠٠ | ١٧ | m- |
| ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ٨٥ | ٧ | ١٠٠ | ١١ | -m- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | -m |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | n- |
| ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ١٣ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٢٦ | ١٠٠ | ١٦ | -n- |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١٢ | ١٠٠ | ٧ | -n |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | -ŋ |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٦٦ | ٦ | ١٠٠ | ٢ | w- |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١١ | ٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ١٠ | -w- |
| ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ٥٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | j- |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٧ | -j- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٦٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | f- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٤ | -f- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | | | -f |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | | | v- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | -v- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | | | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | | | ١٠٠ | ١ | -v |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٨٥ | ٧ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٧ | ١٠٠ | ٨ | s- |
| ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ٠ | ٨ | ١٠٠ | ٨ | ٨٧ | ٨ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٨ | ٧٥ | ٨ | ٠ | ١٢ | ١٠٠ | ١٤ | -s- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ٤ | ١٠٠ | ١ | -s |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٦ | ١٠٠ | ٥ | z- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٧ | ١٠٠ | ٩ | -z- |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ٦٦ | ٣ | ٦٦ | ٣ | ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٥ | -z |
| ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٧ | ٤٠ | ٥ | ٨٠ | ٥ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٨ | ʃ- |
| ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٨ | ٤٢ | ٧ | ٨٥ | ٧ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ٤ | -ʃ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | -ʃ |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ٥٠ | ٢ | ٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | | | ʒ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٤ | | | -ʒ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ٢ | -ʒ |
| ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٦ | x- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | -x- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | -x |
| ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | | | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | | | ٥٠ | ١ | ɣ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | -ɣ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | -ɣ |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ħ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | | | -ħ- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | -ħ |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ʕ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | -ʕ- |
| ٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | | | -ʕ |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٨٠ | ٥ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٧٥ | ٤ | ٨٣ | ٦ | h- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | -h- |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لە ڕاسـتییدا بڕیاردان لەسـەر دەنگە لیکویدەکانی زمانەکەمان بۆ ئێمە کارێکی ئاسـان نییە، چونکە لە تێکڕای کۆکردنەوەی ئەم داتایەدا، زۆرترین جار ئەو کۆنسۆنانتەی بەشداریی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی کردبێت و گۆڕابێت بە دەنگێکی تر، ئەوا دەنگە لیکویدەکان بون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە بۆچونی ئێمە /l/، /ɾ/ لە چاو /r/، /ɫ/ ئاسانترن و کەمتر نیشانەکراون. تەنانەت /r/ لای یەکێک لە بەشداربوەکان لە تەمەنی (٦؛٥) لە جێکەوتەی سەرەتا و ناوەندی دو وشەدا لە تەنیشت ڤاوڵەکانی /ɑ/ ،/ə/، گۆنەکران و بە /ɫ/ گۆڕدراون. بۆیە بە بڕوای ئێمە /ɾ/ و /l/ زوتر لە چاو /r/ و /ɫ/ وەردەگیرێن. هەروەها /r/یش قورسترە لە /ɫ/. لەلایەکی ترەوە، لای منداڵێک گەر دەنگێک قورس بو، مەرج نییە دەنگەکە لای منداڵێکی تریش قورس بێت، بۆ نمونە لە تەمەنی (٤؛٧) /ɾ/ قورس بو، دەگۆڕدرا بۆ [l]، کەچی لە تەمەنی (٤؛٦)دا ئەمە پێچەوانە دەبوەوە، لە کۆمەڵێک لە گوتنەکاندا /l/ دەبو بە [ɾ].

ئێمە پێمانوایە، ئەم فۆنێمانەی خوارەوە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت، لای بەشێک لە منداڵان، دەنگانێکی قورس بن و درەنگ وەریانبگرن، فۆنێمەکانیش ئەمانەن:

/s, z, ʃ, l, ɫ, ɾ, r/ ئەم (٧) دەنگە لە دەنگە قورسەکەی زمانەکەمانن لای هەندێک منداڵ و زۆرترین جار گرفتیان لەگەڵ ئەم دەنگانە هەیە، وەک لە دەنگەکانی تر. (٥) دەنگ لەم دەنگانەی ئێمە، لای ( Shriberg and Kwiatkowski) بە کۆنسۆنانتی درەنگ لە وەرگرتن لەقەڵەمدراون[٣٣].

بەم شێوەیە دەنگە کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردییش، هاوشێوەی زمانەکانی تر، بەپێی تەمەن، بە پێی ئاسانی و گرانی دەنگەکان دابەش دەبن. هەرچی سەبارەت بە تیۆری فۆنۆلۆژیی سروشتیشە، ئەوا تا منداڵ بەرەو قۆناغەکانی سەروتر بڕوات و تەمەنی گەورەتر بێت، هەڵە لە گوتنەکانی کەمدەبێتەوە و گوتنەکانی لە نواندنی فۆنەتیکی گەوران نزیک دەبێتەوە. منداڵی کورد لە (٥) ساڵییدا، زۆرینەی دەنگەکان وەردەگرێت، بەڵام بەو مانایەی نا، کە هەڵە لە هەندێک دەربڕین وجێکەوتە و زنجیرەی دەنگەکان هەست پێنەکرێت، بەڵکو جارجارە هەڵە لە وشەکاندا تەنانەت لە (٦؛٥) دەبیسترێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە منداڵان لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ ئەوەی بگەنە زمانێکی هاوشێوەی زمانێکی گەوران، یان دەوروبەریان، هەمو ئەو پرۆسانە دابمرکێنن، کە لە زمانی پێگەیشتواندا پێشکەش ناکرێن.

لەلایەکی ترەوە سروشتی زمانەکەمان و ڕێسای زمانەکەمان جیاوازیی لەگەڵ زمانەکانی تردا هەیە، واتە مەرج نییە، ئەو دەنگەی لە زمانێکدا قورس بو، لە زمانەکەی ئێمەشدا قورس بێت، بە پێچەوانەوەش هەر ڕاستە! بۆیە لە زمانی کوردییدا لێکۆڵینەوەی زۆرتر پێویستە.

یەکێک لە چاکەکانی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە ئەوەیە، کە یارمەتیدەر دەبێت، لە دەستنیشانکردنی گەشەی ئاسایی زمانی منداڵ، دەشبێتە لایەنێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Acquiring Consonant Phonemes by Kurdish Children

**Karzan Khidir Ismael**
Department of Kurdish, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** karzankhdir2@gmail.com

**Sherwan Husen Hamad**
Department of Kurdish, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq
**E-mail:** Sherwan983@uor.edu.krd

## Abstract:

Natural phonology and the theory of Roman Jacobson are crucial in acquiring language phonemes. In this paper which is entitled "acquiring consonant phonemes by Kurds children", we will endeavor based on the above theories, to focus on acquiring consonant phonemes in Kurdish language from age two years and a month to the age of six years and 5 months. We will also review the studies and methods that deal with acquiring language phonemes.

The importance of this study is to find out at what age do the Kurds children obtains all consonant phonemes, or what are the difficult phonemes for Kurds children which acquire them at a later time. Is there a gender difference in acquiring phonemes among children? The present paper beside these objectives also aims at catching the interests of those who investigate Kurdish language, in order to conduct more research's on this matter especially children phonology to determine the natural development of children language.

**Keywords:** Natural Phonology, Marked and Unmarked Sounds, Acquiring Consonant Phonemes.

| Final کۆتا | Medial ناوەڕاست | Initial سەرەتا | چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەنگەکان | ٤؛٩ کوڕ |
|---|---|---|---|---|
| b, p, t, d, k, g, q | b, p, t, d, k, g, q | b, p, t, d, k, g, q, ʔ | وەستاو | |
| m, n, ŋ | m, n | m, n | لوتیی | |
| | w, j | w, j | خزاو | |
| s, ʃ, z, ʒ, x, ħ, | f, s, ʃ, z, ʒ, x, ʕ, ħ, h | f, s, ʃ, z, ʒ, x, ʕ, ħ, h | خشۆک | |
| ʧ, ʤ | ʤ | ʤ, ʧ | ئەفریکات | |
| l, ɫ | l, ɫ | l | لایی | |
| ɾ, r | ɾ, r | r | لەرۆک | |

خشتەی ژمارە (٢٠): زەخیرەی فۆنێمی لە (٤؛٩)

| ٣؛٧ | | ٣؛١ | | ٢؛٨ | | ٢؛٤ | | ٢؛١ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | دەنگ |
| ٨٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٧ | ٨٨ | ٩ | ١٠٠ | ٥ | b- |
| | | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | - b - |
| | | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | | | | | -b |
| ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | ٧٥ | ٤ | ٥٠ | ٢ | p- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | -p- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ١ | | | -p |
| ١٠٠ | ١ | ٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | | | ١٠٠ | ٣ | t- |
| ٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ٥٧ | ٧ | ١٠٠ | ٣ | -t- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | | | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | -t |
| ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٩ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | d- |
| ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | -d- |
| | | ١٠٠ | ١ | | | | | | | -d |
| ٢٠ | ٥ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٣ | ٧٥ | ٨ | ٥٠ | ٢ | k- |
| ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٥ | ٧٥ | ٤ | -k- |
| ٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ٥٠ | ٢ | | | -k |
| ٥٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ٥٠ | ٢ | g- |
| ٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | | | -g- |
| | | | | | | | | | | -g |
| ٠ | ٤ | ١٠٠ | ١ | | | ٦٦ | ٣ | | | q- |
| ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ٣ | ٠ | ١ | -q- |
| | | | | | | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | -q |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ʔ- |
| ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ١ | m- |
| ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٣ | ٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | -m- |
| ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | -m |
| ٨٣ | ٦ | ١٠٠ | ٣ | | | ١٠٠ | ٣ | | | n- |
| ١٠٠ | ٥ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | ٥ | ٨٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | -n- |
| ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | | | -n |
| | | | | | | ٠ | ١ | | | -ŋ |
| | | | | | | | | ١٠٠ | ١ | w- |
| ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ٧ | ١٠٠ | ٧ | ٨٠ | ٥ | ١٠٠ | ٥ | -w- |
| | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | | | j- |
| ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ٨٥ | ٧ | ١٠٠ | ٦ | -j- |
| | | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | | | | | f- |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | -f- |
| | | ١٠٠ | ١ | | | | | | | -f |
| | | | | | | | | | | v- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | -v- |
| | | | | | | | | | | -v |
| ١٠٠ | ٦ | ٢٥ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | s- |
| ١٠٠ | ٣ | ٠ | ٥ | ٦٦ | ٣ | ٠ | ٣ | ٥٠ | ٢ | -s- |
| ١٠٠ | ١ | | | | | ٠ | ١ | | | -s |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ٠ | ١ | | | z- |
| ١٠٠ | ٣ | ٥٠ | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | -z- |
| ١٠٠ | ٢ | ٠ | ٢ | | | ٠ | ١ | | | -z |
| | | | | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | ʃ- |
| ١٠٠ | ١ | ٠ | ٣ | ٥٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | | | -ʃ- |
| ١٠٠ | ٢ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | -ʃ |
| | | | | | | | | | | ʒ- |
| | | | | | | | | | | -ʒ- |
| | | | | | | | | | | -ʒ |
| ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ٢ | ٥٠ | ٢ | | | x- |
| ٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ١٠٠ | ١ | -x- |
| ١٠٠ | ١ | | | | | ١٠٠ | ٢ | | | -x |
| | | | | | | | | | | ɣ- |
| | | | | | | | | | | -ɣ- |
| | | | | | | | | | | -ɣ |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | | | | | | | ħ- |
| | | ١٠٠ | ١ | ٠ | ١ | | | | | -ħ- |
| | | | | | | | | | | -ħ |
| ٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | | | | | ١٠٠ | ١ | ʕ- |
| | | ١٠٠ | ١ | | | | | | | -ʕ- |
| | | | | | | | | | | -ʕ |
| | | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ٣ | h- |
| | | | | | | | | ٧٥ | ٤ | -h- |
| ١٠٠ | ١ | | | | | ١٠٠ | ١ | | | ʤ- |
| ١٠٠ | ١ | | | | | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | -ʤ- |
| | | | | | | | | | | - ʤ |
| ١٠٠ | ٢ | ٦٦ | ٣ | ١٠٠ | ١ | ٠ | ٣ | ٠ | ١ | ʧ- |
| ١٠٠ | ٢ | | | | | ٠ | ١ | ٠ | ٢ | - ʧ- |
| ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | | | ٠ | ١ | | | -ʧ |
| ٥٠ | ٢ | ٠ | ٢ | | | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٢ | l- |
| ٨٠ | ٥ | ٠ | ٤ | ٧٥ | ٤ | ١٠٠ | ٤ | | | -l- |
| ١٠٠ | ١ | | | | | | | | | -l |
| ٥٠ | ٢ | ٠ | ٤ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٣ | ٠ | ٥ | -ɫ- |
| ٠ | ٢ | | | | | ٠ | ١ | ٠ | ١ | -ɫ |
| ٨٠ | ٩ | ٢٠ | ١٠ | ١٠٠ | ٨ | ٠ | ١٤ | ٦٦ | ٣ | -ɾ- |
| ٨٠ | ٥ | ٢٥ | ٥ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | -ɾ |
| ٠ | ١ | ٠ | ٤ | | | ٠ | ١ | ٠ | ٢ | r- |
| ٠ | ١ | ٠ | ٤ | ٦٦ | ٣ | ٠ | ٣ | ٠ | ١ | -r- |
| | | ٠ | ١ | | | | | | | -r |

خشتەی ژمارە: (٢١): ڕێژەی ڕاست وتنی دەنگەکان لای منداڵان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021